دەستوری عیراق: هەنگاوێك بەرەودیموکراسی

نووسینی/ زەلمای خلیلزاد وەرگێڕانی/ یاسین ئاشور



ئەگەر بمانەوێت رەشنووسی دەستوری هەمیشەیی عیراق هەڵسەنگێنین، پێویستە ئەمکارە لە سەر بنەمای دووپێوەرەوە ئەنجام بدەین، یەکەمیان ئەوەی تەرخان کراوە بۆدیموکراسی ومافی مرۆڤ ، دواتر ئەوەیکەلە سیاسییەی کە لە سەر ئاستی رێکەوتن بۆ داهاتوی عیراق پێشنیاری دەکات، بەڵام پێوەری دووەم بریتییە لەگۆڕینی ئەم رەشنووسە بۆ پەیمانێکی نیشتمانی کە تێکڕای عیراقییەکان لە بۆتەی نیشتماندا نزیك دەکاتەوەو بەشداری دەکات لە لاوازکردنی بزوتنەوەی یاخیبوون، ئەگەر دەستوری عیراقی توانی لە پێوەری یەکەمدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوا پێوەری دووهەمیان پەیوەستە بەو راپرسییەی کەلە ١٠/١٥ ئەنجام دەدرێت وعیراقییەکان بریار دەدەن ئەم رەشنووسی دەستورە بکەنە پەیماننامەی نوێی نیشتمانی، کاتێك تەماشای رەشنووسەکە دەکەین دەبینین کۆمەڵێك بەهای رۆحی و هەیکەلی سیاسی لەخۆگرتوە کە لە توانایدا هەیە عیراق بەرەو دیموکراسی بەرێت، سەرباری سەقامگیری هەمیشەیی وئازادی وگەشەسەندن، ئەم دەستورە لەتوێی لایەرەکانیدا بەشێوەیەکی رۆشنبینانە بەها گەردوونییە چەسپاوەکان و ترادسیۆنە عیراقییە رەسەنەکان کۆ دەکاتەوە، بۆ نموونە دەستورەکە رێگە نادات هیچ یاسایەك دابنرێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئیسلامدا ناکۆك بێت، یاخود نابێت یاساکان دژی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ماف وئازادییە دیموکراسییەکان بن، بۆچەسپاندنی مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسی ئەو داڕشتنەی کە لەبارەی ئیسلامەوە هاتوە، رەوانەدەکرێت بۆ پێویستی راڤەکردنی لەسەر بنەمای گونجانی لەگەڵ دیموکراسی وئازادیی، لەوەش زیاتر لەرەشنووسەکەدا ئەوە هاتووە کە"هەموو عیراقییەکان یەکسانن لە بەرامبەر یاسا بەچاو پۆشین لە رەگەزو نەژاد ونەتەوەو بنەماو رەنگ و ئایین وتایفەو بیروباوەڕو بارودۆخی ئابوری و کۆمەلایەتیان"وێڕای ئەمەش دەستورەکە دەستەبەری ئازادی کەسێتی وحورمەتی مالأن دەکات و گەرەنتی تاوانباران دەکات کە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بکرێن، هەروەها دەستەبەری ئازادی هاتوچۆو رادەربڕین وکۆبونەوەو پێکهێنانی رێکخستنە سیاسییەکان دەکات، ئەمەو دەستور بڕیاری پرنسیپێکی گرنگ وبنەرەتی دەدات کەلە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندایە ئەمەش ئەوەیە کە تاوانبار بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی دەسەلێنرێ، لەم سیاقەدا دەستور بە شێوەیەکی ڕەها دادگاییکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی دادگا قەدەغە دەکات، یان سزادانی بەکۆمەڵ بۆ هاوڵاتیان، هەروەها بەشێوەیەکی تەواو داگیرکردنی خاوەندارییەتیەکان ڕەتدەکاتەوە بەبێ پێدانی قەرەبوو کردنەوەیەکی شیاوو بەجێ، یان چەوساندنەوە لە سەربنەمای فکری یان سیاسی یان ئاینی، دەستور مافەکانی ژنانی پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو دەستەبەری بەشداریکردنی تەواوی کردووە لە ژیانی گشتیدا بەپێی کۆت وبەند یان بوار تەسککردنەوە، بەڵکو لە دەستوردا هاتووە کە یاسای هەڵبژاردنی داهاتوو گەرەنتی مافی ژنانی عێراق دەکات بەوەی کە ٢٥ ٪ کورسییەکانی کۆمەڵی نیشتمانیان بۆ تەرخان دەکات، وە بۆ بەجێهێنانی بڕێکی زۆر لە ڕێزو حورمەت بۆژنانی عێراقی دەستور"هەموو حۆرەکانی توندو تیژی وخراپ مامەڵەکردنی خێزانی" ڕەتکردۆتەوەو قەدەغەی کردووە، هەروەها دەستور "تراديسۆنی هۆزگەرایی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ " تووڕەدات.

گرنگترین پێشکەوتنێك دەستوری عێراقی هێنابێتی لەبواری خێزاندا بریتیە لە بەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی بەو منداڵانەی دایکیان عێراقییە، ئەمەش مافێکە بە گوێرەی پێودانگی ناوچەکە بە شۆرشێك دادەنرێت، بەڵام لەمەڕ یاسای باری کەسێتی کەمشتومڕێکی زۆری لەسەر بوو، لە ڕەشنووسەکە هاتووە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دانانی یاسا دەگرێتە ئەستۆ کە ئازادی هەڵبژاردن لەنێوان یاسای مەدەنی و یاسای ئاینی دەبەخشێتە عێراقییەکان بۆ یەکخستنی باری کەسێتیان، ئەمەش هاوشێوەی ئەو یاسایەیە کەلە ئیسرائیلدا کاری پێ دەکرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك داوای ئەوەیان دەکرد کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی بێت بۆ یاسادانان، ئەوە دارشتنی هەموار کراوە پشتی بەوە بەستوە کەئیسلام سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە بۆ یاسادانان، بەڵام تاکە سەرچاوە نییە لەهەمان کاتدا ڕەشنووسەکە گەرەنتی "ئازادی بیروڕاو پیادەکردنی دروشمە ئایینیەکان"دەکات.

ڕەشنووسی دەستورەکە گرنگیەکی تایبەتی دەدات بە مەسەلەی چەسپاندنی هەیکەلی پێویست بۆ حکومەتی عێراق وسەرخستنی پرۆسەی گواستنەوەی بۆ قۆناغی دیموکراسی، ئەم هەیکەلانەش ئەگەر بەڕێزەوە سەیر بکرێن، بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری دەکەن لە پرکردنەوەی بۆشایی نێوان تێکڕای پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی عێراق و دەیانکات بەشەریك لەیەك حکومەتدا کەتاکە غەمی بەرێوبردنی کاروباری هاوڵاتیانە و شەونخونی دەکات بۆ رزگارکردنی وڵات لەقەیرانی ئاسایش و ئابووری ڕەشنووسی دەستورەکە دەسەلاتی چاودێریکردن دەبخشێتە ئۆرگانیزمی یاسادانان لە سەر ئۆرگانیزمی ڕاپەڕاندن، هەروەها دامەزراندنی ئۆرگانیزمی دادوەری سەربەخۆ کە ئەمیش چاودێری دەستور دەکات لەسەر دەوڵەت، بۆ سوربون لەسەر گرەنتی مافی کەمایەتییەکان لەڕەشنووسی دەستورەکەدا ئەوە هاتووە کە بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك کە بەر دۆزەکانیان بکەوێت پێویستە یەك لەسەر سێی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، هەروەها لەڕەشنووسی دەستورەکەدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتنە کەپرسی پێکهێنانی فیدرالیزمی تر(نەك ئەوەی لە کوردستاندا هەیە)بنێردرێت بۆ کۆمەڵی نیشتمانی هاتوو کەزەمینە خۆشدەکات بۆ بەشداریکردنی سوننە تیایدا وڕاوبۆچونی خۆیان بدەن، هەروەها دەستور ئاماژەی داوە بەمەسەلەی دابەشکردنی دەرامەتەکان لەچوارچێوەی فیدرالیزمدا، تیایدا هاتووە دەرامەتەکانی نەوت وگاز مۆڵکی گەلە، حکومەتی فیدرالی وحکومەتە لۆکاڵییەکان بەرێوەبردنی ئەو دەرامەتانە ودابەشکردنی دەسکەوتەکانی دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها هەردوو حکومەتی فیدرالی وحکومەتە لۆکاڵییەکان پێکەوە هەڵدەستن بەپێشخستنی ستراتیژی بەرێوەبردنی ئەو دەرامەتانەی لە داهاتوودا دەدۆزرێتەوە.

سەرباری ئەو جیاوازییە ڕەگەزی و تایفەییە بالأدەستەی نێوان هێزە عێراقییەکان، بەڵام گفتوگۆکردن دەربارەی ڕەشنووسی دەستورەکە هەڵێکی نوێی دروستکرد بۆ نزیك کردنەوەی تێڕوانینەکان و کەم کردنەوەی جیاوازییەکان، لەم چوارچێوەیەشدا هاوپەیمانی شیعی - کوردی لە کۆمەڵی نیشتمانیدا هەستا بەژمارەیەك هەموارکردن لە سەر ڕەشنوسی یەکەمی دەستور کە پێشتر هەردوو لایان ڕێککەوتبون لە سەری، ئەمەش بەخاتری بەشداری کردنی سوونە لەپرۆسەی دارشتنی دەستوورو گوێگرتن لە داواکاریەکانیان، تنازولاتی زۆر گرنگیان پێشکەشکردووە لەمەڕ چەند بابەتێك، گرنگترینیان بابەتی لە بنەڕەتکێشانی بەعسە کە سوونە هەندێك پارێزگاریان لە سەری هەبوو، وێڕای ئەو ڕەخنەگرتنانەی کە سوونە دەربارەی ڕەشنووسی دەستورەکە تۆماریان کرد، بەڵام هەندێکیان هەیە بە تێڕوانینێکی پۆزەتیف لە ڕەشنووسەکە دەروانێ، بەڵام ئەوان جورئەت ناکەن ئەمە بە ئاشکرا بکەن لەبەر فشاری ئەمنی، بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن بگەن بە میساقە نیشتمانیەکەیان پێویستە لە ڕاپرسی داهاتوودا بەزۆرینە موسادەقە لەسەر ڕەشنووسی دەستورەکە بکەن، بەڵام لە کاتی سەر نەگرتنی ئەم راپرسیەدا بۆ گۆرینی ڕەشنوسەکە بۆ دەستورێکی هەمیشەیی، ئەمە پێویستە لەسەر کۆمەڵی نیشتمانی نوێ دووبارە دانووستان بکاتەوە، لەهەموو بارەکاندا، وڵاتە یەکگرتوەکان بەردەوام دەبێت لەپێشکەشکردنی پاڵپشتی تەواو بۆگشت پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆ بەجێهێنانی ئامانجی ویستراو لە بریاردانی دەستورێك کە ڕەزامەندی هەمووان بەدەست بخات.

بۆ هەندێك لە سوونەکانی عەرەب بە(نا) دەنگ بۆ دەستور دەدەن؟

مەجید سالح

قسەکردن لە سەر عیراقی ئایندەو ئەوەی لە میدیاکاندا پێی دەوترێت(عیراقی نوێ)، ناچارت دەکات چاوێك بە ڕابردووی هەشتاو چوارسالەی ئەو وڵاتەدا بخشێنیتەوە کە بەشی هەرە زۆری بەناکۆکی وبێبەشکردنی زۆرینەی پێکهاتەکانی وڵاتەکە بردوەتە سەر.مەبەست لەچاوخشانەوەش ئەوەیە؛ئاخۆ دەکرێت ئەم عیراقەی ئێستا کە گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سفری دامەزراندنەوە، بە هەمان میتۆدی رابردوو دروست کرێتەوە؟ یاخود پێویستە عیراقییەکان بە هاوکاری دۆستەکانیان و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە گۆڕاوەکانی دونیا، سەر لەنوێ وڵاتێك پێکەوە بنێن کە هەموو پێکهاتەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و بە ئیرادەی ئازادی خۆیان وردەکاریەکانی ئەو پێکەوەژیانە دارێژن.

مێژووی دروست بوونی عیراق بۆمان باس دەکات کە عیراقی پێشوو،لە ساڵی ١٩٢١ و هەلومەرجێکی تەواوئالۆزی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و بە دەر لە ئیرادەی تەنانەت خودی عەرەبە سوننییەکانی عیراقیش، (کە دواتر بوون بە تاکە دەسەلاتی وڵات) لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزییەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوەیە دامەزراو. دواترلە ساڵی ١٩٢٦ بە زەبروزەنگێکی زۆر، باشوری کوردستانی خرایە سەر. لەو کاتەوە بەم لاوە نە عەرەبی شیعە و نە کوردی بە زۆربە عیراقیگراو ونە سوونی دەسەلاتدار نەیانتوانیوە لە سایەی ئەم وڵاتەدا بجەوێنەوە .

بەدرێژایی نزیك لە نیو سەدە ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە خۆی لە عەرەبە سوننەکانی عیراقدا دەبینێتەوە، نەیتوانی ئەو (یەکێتی نیشتمانی و گەلی عیراق) کە کردبویە بەرنامەی خۆی لە وڵاتەکەدا بێنێتەدی. نە لەرێگەی ئەودەستورە هەمیشەیەی وکاتیانەی کە لە سەردەمی مەلیکی و کۆماری وکودەتاکاندا دەین خستە ڕوو، نە بە بەکارهێنانی زەبرو زەنگ وتوندو تیژی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایلۆژی. بەکەلك وەرگرتن لە هەلومەرجە نێوخۆیی و نێو نەتەوەییەکان، تونڕەیی وتاك ڕەویی و فاشیزمی عەرەبی سوونی کە ترۆپکەکەی (حزبی بەعسی عەربی سۆسیالیست)بوو، گەیشتە ڕادەی پراکتیزەکردنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد.

ڕوخانی دەسەلاتی بەغدا لە ٢٠٠٣/٤/٩بەدەستی هاوپەیمانەکانەوە، دەروازەی لە بەردەم دوو ئەگەری هاوتەریب لە عیراقدا کردوە، یەکەمیان دابەش بوونی عیراق وهەڵوەشانەوەی ئەو پێکهاتەییەی کە هەیەتی؛ دووهەمیشیان یەکخستنەوەی عیراق لە سەر بنەمایەکی یەکسانی و ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە.

کاردانەوەی کورد بۆ هەردوو ئەگەرەکە دەکرێت بەم شێوەیە تەماشای بکرێت،لە سەر ئاستی شەعبی وەك لە ڕیفراندۆمی عێراقیەکان بۆ یەکخستنی باری کەسێتیان، ئەمەش هاوشێوەی ئەو یاسایەیە کەلە ئیسرائیلدا کاری پێ دەکرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك داوای ئەوەیان دەکرد کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی بێت بۆ یاسادانان، ئەوە دارشتنی هەموار کراوە پشتی بەوە بەستوە کەئیسلام سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە بۆ یاسادانان، بەڵام تاکە سەرچاوە نییە لەهەمان کاتدا ڕەشنووسەکە گەرەنتی "ئازادی بیروڕاو پیادەکردنی دروشمە ئایینیەکان"دەکات.

ڕەشنووسی دەستورەکە گرنگیەکی تایبەتی دەدات بە مەسەلەی چەسپاندنی هەیکەلی پێویست بۆ حکومەتی عیراق وسەرخستنی پرۆسەی گواستنەوەی بۆ قۆناغی دیموکراسی، ئەم هەیکەلانەش ئەگەر بەڕێزەوە سەیر بکرێن، بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری دەکەن لە پرکردنەوەی بۆشایی نێوان تێکڕای پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی عێراق و دەیانکات بەشەریك لەیەك حکومەتدا کەتاکە غەمی بەرێوبردنی کاروباری هاوڵاتیانە و شەونخونی دەکات بۆ رزگارکردنی وڵات لەقەیرانی ئاسایش و ئابووری ڕەشنووسی دەستورەکە دەسەلاتی چاودێریکردن دەبخشێتە ئۆرگانیزمی یاسادانان لە سەر ئۆرگانیزمی ڕاپەڕاندن، هەروەها دامەزراندنی ئۆرگانیزمی دادوەری سەربەخۆ کە ئەمیش چاودێری دەستور دەکات لەسەر دەوڵەت، بۆ سوربون لەسەر گرەنتی مافی کەمایەتییەکان لەڕەشنووسی دەستورەکەدا ئەوە هاتووە کە بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك کە بەر دۆزەکانیان بکەوێت پێویستە یەك لەسەر سێی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، هەروەها لەڕەشنووسی دەستورەکەدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتنە کەپرسی پێکهێنانی فیدرالیزمی تر(نەك ئەوەی لە کوردستاندا هەیە)بنێردرێت بۆ کۆمەڵی نیشتمانی هاتوو کەزەمینە خۆشدەکات بۆ بەشداریکردنی سوننە تیایدا وڕاوبۆچونی خۆیان بدەن، هەروەها دەستور ئاماژەی داوە بەمەسەلەی دابەشکردنی دەرامەتەکان لەچوارچێوەی فیدرالیزمدا، تیایدا هاتووە دەرامەتەکانی نەوت وگاز مۆڵکی گەلە، حکومەتی فیدرالی وحکومەتە لۆکاڵییەکان بەرێوەبردنی ئەو دەرامەتانە ودابەشکردنی دەسکەوتەکانی دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها هەردوو حکومەتی فیدرالی وحکومەتە لۆکاڵییەکان پێکەوە هەڵدەستن بەپێشخستنی ستراتیژی بەرێوەبردنی ئەو دەرامەتانەی لە داهاتوودا دەدۆزرێتەوە.

سەرباری ئەو جیاوازییە ڕەگەزی و تایفەییە بالأدەستەی نێوان هێزە عێراقییەکان، بەڵام گفتوگۆکردن دەربارەی ڕەشنووسی دەستورەکە دەرگای بۆ نزیك کردنەوەی تێڕوانینەکان و کەم کردنەوەی جیاوازییەکان، لەم چوارچێوەیەشدا هاوپەیمانی شیعی - کوردی لە کۆمەڵی نیشتمانیدا هەستا بەژمارەیەك هەموارکردن لە سەر ڕەشنوسی یەکەمی دەستور کە پێشتر هەردوو لایان ڕێککەوتبون لە سەری، ئەمەش بەخاتری بەشداری کردنی سوونە لەپرۆسەی دارشتنی دەستوورو گوێگرتن لە داواکارییەکانیان، تنازولاتی زۆر گرنگیان پێشکەشکردووە لەمەڕ چەند بابەتێك، گرنگترینیان بابەتی لە بنەڕەتکێشانی بەعسە کە سوونە هەندێك پارێزگاریان لە سەری هەبوو، وێڕای ئەو ڕەخنەگرتنانەی کە سوونە دەربارەی ڕەشنووسی دەستورەکە تۆماریان کرد، بەڵام هەندێکیان هەیە بە تێڕوانینێکی پۆزەتیف لە ڕەشنووسەکە دەروانێ، بەڵام ئەوان جورئەت ناکەن ئەمە بە ئاشکرا بکەن لەبەر فشاری ئەمنی، بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن بگەن بە میساقە نیشتمانیەکەیان پێویستە لە ڕاپرسی داهاتوودا بەزۆرینە موسادەقە لەسەر ڕەشنووسی دەستورەکە بکەن، بەڵام لە کاتی سەر نەگرتنی ئەم راپرسیەدا بۆ گۆرینی ڕەشنوسەکە بۆ دەستورێکی هەمیشەیی، ئەمە پێویستە لەسەر کۆمەڵی نیشتمانی نوێ دووبارە دانووستان بکاتەوە، لەهەموو بارەکاندا، وڵاتە یەکگرتوەکان بەردەوام دەبێت لەپێشکەشکردنی پاڵپشتی تەواو بۆگشت پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆ بەجێهێنانی ئامانجی ویستراو لە بریاردانی دەستورێك کە ڕەزامەندی هەمووان بەدەست بخات.

بە (نەخێر)بدەن، بەڵکو ئەگەر کرا گۆمی خوێن بە ڕێ بخەن. ئەوان کە دەسەلاتێکی هەشتاوچوارساڵیان لە دەست چووە، لە هەوڵی گەڕانەوەی هەموو ئەو ئیمتیازانەن کە هەیانبووە ودەیانەوێت کایە سیاسیەکان بەهەمان شێوەو میکانیزمی جاران بەڕێوە بچێت. گرتنە بەری سیاسەتی پەك خستنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق وفەشەلهێنان بەم دەستورە لە لایەن هەندێك لە عەرەبە سوونیەکانەوە بە لای چاودێرە سیاسیەکانەوە هیچ جێگەی سەر سوڕمان نییە، چونکە وەك وتمان بێبەشکرنی زۆربەی سەرکردەکانیانەلەو نازو نیعمەتەی کە بەدرێژیی ئەو سالانەی دەسەلاتدارێتیان هەیانبوە لە لایەك ولە لاکەی ترەوە بوونی سیستەمێکی دیموکراسی وپەرلەمانی فیدرالی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ترسێکی گەورەی بۆ وڵاتە تۆتالیتارەکانی ناوچەکە دروست کردوە. ئەمەش وای کردوە دەسەلاتدارانی ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی هاندان وزەمینەخۆشکردن بۆ عەرەبە سوونەکان، لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی سیاسی عیراق وخواستەکانی زۆرینەی گەلی عیراق دابنێن. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە گەر ئەم دەستورە نەتوانێت ڕێگەی سروشتی خوی تەی کات و هەرەس بهێنێت، ئەو یەکێتی خاك وگەلەی کە عەربی سوونە لە عیراقدا بانگەشەی بۆ دەکات و بۆی دەگری، نەك هەر نایەتە دی، بەڵکو هەڵوەشانەوەی عیراق دەبێتە شتێکی حەتمی.چونکە هیچ پێکهاتەیەکی عیراق ئامادە نییە جارێکی تر میژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

دیموکراسیەت چییە ؟

وشەی دیموکراسی لە وشەی(demos) ی یۆنانی داتاشراوە و بە مانای "گەل" دێت، لە سیستەمی دیموکراسیدا گەل دەسەلاتی بەسەر ئەنجومەنەکانی جێبەجێ کردن و یاسادانداندا هەیە .

هەر چەندە وڵاتە دیموکراتەکان جیاوازیان لە نێواندا هەیە ، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ خاڵ هەیە حکومەتە دیموکراسیەکان لە حکومەتەکانی تر جیادەکاتەوە :

★ حکومەتی دیموکراسی ئەو حکومەتەیە کە دەسەلاتی بەرپرسیارێتیە مەدەنییەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن خودی هاوڵاتیانەوە یان لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەی کە بە ئازادی هەڵیان دەبژێرن،بەرێوە دەچێت .

★ دیموکراسیەت بریتیە لە کۆمەڵێ پرەنسیپ و هەڵسوکەوت کە لە ڕێگەیەوە ئازادی مرۆڤ دەپارێزێت.

★ دیموکراسیەت لە سەر بناغەی دەسەلاتی زۆرینەو پاراستنی مافەکانی تاك و کەمینەکان دادەمەزرێت، چونکە هەموو دیموکراسیەتێك کە ڕێز لە ڕای زۆرینە دەگرێت ، دەبێت لە هەمان کاتدا و بەهەمان نەفەس ڕێز لە مافە بنەڕەتیەکانی تاك و کەمینەکان بگرێت .

★ دیموکراسیەت ڕۆڵی ئەو پاسەوانە دەبینێ کە ڕێگە دەگرێت لەوەی سیستەمی حکومرانی ببێتە حکومەتێکی مەرکەزی و هەموو دەسەلاتەکانی لە دەستدا بێت، دیموکراسیەت لە هەمانکاتدا هەڵدەستێ بە نەهێشتنی شێوازی دەسەلاتی ناوەندی توند وتۆڵ و دابەشکردنی بەسەر ناوچەیی و هەرێمەکاندا، لە هەمان کاتدا حکومەتە هەرێمیەکان دەبێت کارئاسانی بکەن بۆ ئەوەی گەل بە ئاسانی پێیان بگات و داخوازیەکانیان جێ بەجێ بکات .

★ حکومەتە دیموکراسیەکان دەزانن لە سەریانە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بپارێزن کە بریتین لە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی باوەر، مافی یەکسانیبوون لە بەرانبەر یاسا وڕەخساندنی هەلی بەشداری کردنی تەواو لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کەلتوری بۆ هەموو لایەك .

★ وڵاتە دیموکراسیەکان هەڵبژاردنی دەوری ئازاد و دور لە تەزویر ڕێکدەخەن و هەموو هاوڵاتیانیش هەلی بەشداریکردنیان پێ دەدرێت، نابێت هەڵبژاردن بکرێتە پەردەیەك تاکو دیکتاتۆر و حزبە پاوان خوازەکان خۆیان لە پشتیەوە حەشار بدەن، بەڵکو دەبێت ململانێیەکی ڕاستەقینە بێت و گەل دەنگی خۆی بدات .

★ دیموکراسیەتی حکومەتەکان دەبێت ملکەچی یاسا بن و جەخت لە سەر ئەوەش دەکرێت کە هاوڵاتیان وەك یەك لە سێبەری یاسادا دەپارێزرێن و سیستەمێکی یاسایی مافەکانیان دەپارێزێت .

★ هەموو کۆمەڵگایەك جۆرە سیستەمێکی دیموکراسی تایبەت بە خۆی هەیە و بەندە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری کومەڵگاکەوە، دیموکراسیەت جەخت لە سەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەبەستێت.

★ لە سێبەری دیموکراسیەتدا هاوڵاتیان تەنیا بەهرەمەند نین لە مافەکانیان، بەڵکو ئەرکی بەشداریکردنی سیستەمی سیاسییان لە سەر شانە، ئەوەش دەبێتە هۆی پاراستنی ماف و ئازادییەکانیان .

★ کۆمەڵگا دیموکراسیەکان نەریتی لێ بوردەیی وهاوکاری و گەیشتن بە چارەسەری ناوەند (حلول الوسط) یان تێدا بااڵ دەستە . دیموکراسی خوازەکان لەوە تێگەیشتون لە حاڵەتێکدا ئەگەر کێشەیەك هەبوو دەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ناوەند بگەڕین. وەك چۆن مهاتما گاندی دەڵێت: "نەبوونی گیانی لێبوردەیی شێوەیەکە لە شێوەکانی تووندوتیژی و بەربەستێکە لە بەردەم گەشەسەندنی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە " .

دەسەلاتی زۆرینەو مافەکانی کەمینە

لەوانەیە لە یەکەم نیگادا وابێتە پێش چاو کە ئەم دوو پرەنسیپە (دەسەلاتی زۆرینەو مافەکانی کەمینە)دوو پرەنسیپی دژبەیەك بن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دووانە بە کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی حوکمڕانی دیموکراسیەت دێنە ژماردن بینای دیموکراسیەت بەبێ ئەو دوو کۆڵەکەیە ناتوانێت خۆی ڕاگرێت .

★ دەسەلاتی زۆرینە ڕێگەچارەیە بۆ ڕێکخستنی کارەکانی حکومەت و بڕیاردان لە سەر مەسەلە گشتیەکان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە زۆرینە کەمینە بچەوسێنێتەوە، وەك چۆن بۆ هیچ گرووپێك نییە خەڵك بچەوسێنێتەوە، بەهەمان شێوە تەنانەت بۆ ئەوانەش ڕەوا نییە کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنن ماف وئازادییە بنەڕەتییەکانی کەمینە و تاکەکانی کۆمەڵ زەوت بکەن .

★ کەمینەکان : ئەگەر کەمینەی نەتەوەیی بن یان ئایینی یاخود جوگرافی یان ئەو کەمینانە بن کە بە هۆی ئاستی دەرامەتەوە جیاوازن یان ئەو حزب و گروپانە بن کە لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندویانە، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیان هەیە و بۆ هیچ زۆرینەیەك نییە (هەڵبژێراو بن یان نا)ئەو مافانەیان لێ زەوتکات .

★ پێویستە حکومەتەکان ماف و بەرژەوەندییە ڕەواو ناسنامەکانی کەمینەکان دابین بکەن ، چونکە تەنیا لەو حاڵەتەدا دەکرێت کەمینە بەشداری بکات لەو دیموکراسیەتەی کە لە وڵاتەکەدا هەیە .

★ لەو مافە سەرەکییانەی کە دەبێت هەموو حکومەتێك بیپارێزێت : مافی قسەکردن و تەعبیرکردنە، ئازادی باوەڕو ئایینە، هەروەها دەبێت حکومەت لە ڕێگەی یاساوە یەکسانی دابین بکات ، ڕێگە بۆ بەشداری کردنی ژیانی سیاسی بڕەخسێنێت .

★ ئەرکی سەرەکی دیموکراسەت بریتیە لە پاراستنی ناسنامەی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ویژدانی فەردی و چالاکییە ئاینیەکانی کەمینەکان .

★ یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم حکومەتی دیموکراسی بریتیە لە قەبوڵکردنی گروپە نەژادی و کلتوریەکان و هەندێك جار ئەو گروپانە بە لای زۆرینەوە نامۆ غەوارەن. بەڵام دیموکراسیەت پێی وایە فرەیی تایبەتمەندیەکی جوانی کۆمەڵگایە ، بە چاوی بەرزراگرتن وڕێزگرتنیش تەماشای ئەو فرەیی و جیاوازیانە دەکات و هەوڵی لەناودانی نادات .

★ بۆ چارەسەرکردنی جیاوازی نێوان زۆرینە و کەمینە تەنیا یەك وەڵام هەیە کە بریتیە لەوەی تەنیا لە ڕێگەی دیموکراسیەت و لێبوردەیی و وتووێژو ئارەزوی گەیشتن بە چارەسەری ناوەند دەکرێت کۆمەڵگا ئازادەکان بگەن بە ڕێکەوتن، بەواتایەکی تر پرەنسیپی دەسەلاتی زۆرینەو مافی کەمینە دەتوانێت ستونەکانی دیموکراسیەت بە هێزتر بکات .